www.kurdistannet.org
28-6-2006 19:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هانا... تەها ئەلی

سوید

پێکێ خەم بووم،
کەسێک نەبوو بمخواتەوە.
یەکێک نەبوو بە عەشقی خۆی
(تەنیایی) م لێ بشواتەوە
لە ناخەوە بەستەڵەک بووم
هەر وەک ئێرە دوورە بەهار
یادەوەری ئاگرێک بووم
وێنەی جێ کوانووی ساڵی پار
تۆ بەهاریت،
لە ساڵێکی بێ بەهارا
تۆ ژیلەمۆی هیوایەکی،
لە ژوورێکی شقارتەیی چۆڵ و تارا
پەیڤەکانت،
وەک بارانی دوای تینوێتی قورگی زەوی
دادەبارنە ڕۆحی تینووم
خەندەکانت،
هەناسە دەدەنەوە بەر جەستەی ماندووم
نیگای چاوت،
کزەی نەرمی کەنارێکی بن بنارە
جار بەجارێ،
بەهێمنی هەڵدەکەنە ئەم هەوارە
جێم مە هێڵە،
با بۆت بژیم
هانایە و بۆ تۆم هێناوە
تەنیایی ناخی مردنە
با نە کەومەوە ئەو داوە